## ئەم هەینی و شەمەیە دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر کوردستان , لە بەریتانیا و سوید و هۆڵەندا و دانمارك خۆپیشاندانی کوردانە

## ڕۆژی شەممە خۆپیشاندانی 6 پارت وڕێکخراوی کوردستانیە لە شاری ستۆکهۆلم .

دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا بەفە ڕمی ڕەزامەندی دەربری بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان بە هۆکاری ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە م بەشەدا هێرش دەکاتە سەرسوپای تورکیا ، کوردان لە نیشتمان و هەندەراندا دژ بە م بریارە شەرانگێزیەی داگیرکەری تورکیا دەستیان بەکارو چالاکی هەمەجۆر کردوە.

ئێمەش کە کۆمەلێک پارت و ڕێکخراوی کوردستانین ، لە شاری ستۆکهۆلم، دوای کۆمەلێک دیدارو پەیوەندی کردن بڕیارماندا، بۆ مەحکومکردنی سیاسەتی داگیرکەرانەی تورکیا دژ بە خەلکی کوردستان خۆپیشاندانێک ڕێک بخەین لە شاری ستۆکهۆلم لەبەردەم سەفارەتی تورکیالە بەرواری 2007/10/27 .

هەرلێرەشەوە ئەوە رادەگەیەنین کە بەداخەوە پۆلیسی سوێدی پێ ی راگەیاندین کە رۆژی شەممە کات 13 مۆڵەتی تر بۆ خۆپیشاندان لە Sergels Torg وەرگیراوە ، بۆیە ئێمەش خۆپیشاندانەکەمان برد بەردەم سەفارەتی تورکی کات 12بۆ 14 .

بەو هۆیەوە داوا لە هەموو ئەو کەسانەی کە دژ بە سیاسەتی تورکیان لە مەر کوردستان وەک ئەرکێکی نیشتمانی بەشداری ئەم خۆپیشاندانە بکەن .

ناوی پارت و ڕێکخراوەکان.

کۆنسەی کورد لە سوێد .

حزبی دیموکراتی کوردستان .

ناوەندی چاک /سوێد .

پارتی ژیانی ئازدی کوردستان .

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

کۆمەلەی مافی مرۆڤ کورد لە ئەورپا.

شوێنی خۆپیشاندان

Dag Hammarskjölds v. 20

11527 STOCKHOLM

بەروار 2007/10/27

شەممە کاتژمێر 12 بۆ 14

بۆزانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

http://gulasidorna.eniro.se/query?what=cs&company_name=Turkiska%20Ambassaden&company_name_type=exact&customer_code=CU00079824&disable_multi_company_merge=1&lang=&district_codes=&search_word=ambassader?&header_code=&geo_area

---

# خۆپیشاندانی بەریتانیا

**شەممە 27 ی ئۆکتۆبەر 2007 لە Downing Street ی لە ندە ن کوردستانیان**

**لە شکر کیشی تورکیا شە رمە زار دە کە ن**

**بانگەوازێک لە ناوەندی چاک / بەریتانیا**

**بۆ تێکڕای جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمان**

**بۆ سەرجەم پارت و ڕێکخراو و دامودەزگا کوردییەکانی بەریتانیا**

هەروەک هەموولایەک ئاگادارن، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا ئامادەباشیکردووە بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و بە دەیان هەزار سەربازیان لەسەر سنوور مۆڵ داوە. هێرشی ئەمجارەی تورکیا بۆ سەر هەموو نەتەوەی کوردە، نەک پارتێک و پارچەیەکی کوردستان. ئێمە لە ناوەندی چاک وەک هەمیشە لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەماندابن و داکۆکی لە مافە ڕەواکانمان دەکەین، لە قۆناغی ئێستاماندا بە پێویستی دەزانین، هەموو

لایەکمان بەیەک دەنگ لەدژی ئەو فراوانخوازیەی تورکیا بوەستینەوە و  خۆپیشاندانێکی گەورەی سەرتاسەری لە لەندەن رێکدەخەین، بۆیە داوا لە هەموو جەماوەری کوردی دانیشتووی بەریتانیا و تێکرای لایەن و پارت رێخراو و دامودەزگا کوردیەکان دەکەین، وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانە، هیواخوازین بە هاوبەشی ئەنجامی بدەین. ئەگەر بۆ جارێکیش بێت با هەموو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک بخەینە لاوەو بە یەکدەنگ و یەکڕەنگ بەشداری لەم خۆپیشاندانەدا بکەین.

**کات و شوێن:**

شەممە 27 ی ئۆکتۆبەر 2007

10 Downing Street

کاتژمێر 11ی سەرلەبەیانی تا 2 ی دوای نیوەڕۆ

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیلەوە بکەن :

ژمارەی تەلفون:

07709435998 رزگار

07815008038 لوقمان

ئیمەیل: chak-beritanya@googlegroups.com

**ناوەندی چاک / بەریتانیا**

www.chak.be

---

**" شەممە ٢٧ ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧ لە Downing Street ی  لە ندە ن کوردستانیان لە شکر کیشی تورکیا شە رمە زار دە کە ن" – چاك**

بانگەوازی کۆمەڵەی کوردی لیدز

بانگەواز بۆ هەمو ئەو بەڕێزانەی خۆیان بۆ خۆپیشاندان ئامادەکردوە لە شاری لیدز و برادفۆرد و هەدسفیلْد و هۆڵ . بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی یەك دەنگی و یەك ڕیزی کوردان لەم ساتەدا و لەپێناو پیشاندانی پشتگیری و هاوکاری زیاتر بۆ گەلەکەمان لە

ناوەوەی وڵات ئێمە لە کۆمەڵەی کوردی لیدز بڕیارمان دا کە لەم چالاکیەدا خۆمان بە بەشێك لە ڕێکخراوی چاك بزانین خۆپیشاندانەکەمان بەرینە لەندەن و لێرەوە داوا لە هەموان دەکەین کە بە پیر بانگەوازی چاکەوە بچن و بەشداری خۆپیشاندانی سەرتاسەری کوردانی بەریتانیا بکەن کە لە شاری لەندەن و بەسەرپەرشتی ڕێکخروای چاك بەڕێوەدەچێت. داوا لەهەمو ئەو دڵسۆزانە دەکەین کە پەیوەندییان پێوە کردوین ئامادەی خۆپیشاندانی سەرتاسەری بن هەروەك لە بانگەوازەکەی ڕێکخراوی چاک دا ئاماژەی پێکراوە بەو هیوایەی کە ڕەوەندی کورد لە بەریتانیا هەمو بەیەك دەنگ و بەیەك ڕەنگ بەگژ داگیرکاری و هەڕەشەکانی تورکیا بوەستینەوە.

کات و شوێن:

شەممە ٢٧ ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧

10 Downing Street

کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی تا ٢ ی دوای نیوەڕۆ

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیلەوە بکەن :

ژمارەی تەلفون:

07753258257 هیوا

07709435998 ڕزگار

07815008038 لوقمان

ئیمەیل: chak-beritanya@googlegroups.com

ناوەندی چاک / بەریتانیا

---

**بانگەواز:**

**شەممە 27 / 10 / 2007**

**ڕەوەندی کورد لە بریتانیا**

**11.00 تا 1.00 خۆپیشاندانێک لەبەردەم نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا و**

**1.00 تا 2.00 ڕێپێوانێک بەرەو**

**Trafalgar Square**

**دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

**ڕێکدەخات، تکایە ئامادەبن.**

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:**

***07940449923 07759295959 07906918278***

***rawand_kurd@yahoo.co.uk***

**ڕەوەندی کورد لە بریتانیا**

**2007 / 10 / 24**

---

# خۆپیشاندانی دانمارك – كۆپنهاگن

## خۆپیشاندان دژی لەشکرکێشی تورکیا رۆژی شەممە لە شاری کۆپنهاگن

**رۆژی خۆپیشاندان:** **شەممە** 27.10.2007

**کاتی خۆپیشاندان:** 13.00 – 16.00

**شوێن:** **کۆبوونەوە لە** Vest Torv **پاشان چوون بەرەو** Rådhuspladsen **مانەوە لەوێ تا کاتژمێر** 16.00

**کوردستانیان و دۆستانی گەلی کورد لە دانیمارک هەلدەستن بە سازکردنی ڕێپێوان و خۆپیشاندان دژی لەشەکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی باشوری کوردستان، هەروەها دژی سیاسەتی فاشیستانەی تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی.**

**وەکو هەر جارێکی دیکە پارلەمان و حکومەتی تورکیا هەڵوێستی سیاسی دژە کوردیی خۆیان دەرخستەوە، وەکو پێشوو پێیان لەسەر ڕێگای میلیتاری و بۆردومان و کوشتن داگرتەوە و وەکو دیارە ڕێگا بۆ دەستدرێژیەکانیان بۆ قولایی باشوری کوردستان خۆش دەکەن. ڕژێمی تورکیا بوونی گەریلاکانی باکور دەکاتە بیانوو، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی سەبارەت بە هەوڵی دابڕینی کەرکوک لە کوردستان و دواجار لەباربردنی ئازدی گەلی کوردستان لە باشوری کوردستاندا. ئێمە لە کاتێکدا بوونی هەر تاکە سەربازێکی تورکیا لە کوردستان ڕیسوا دەکەین و داوادەکەین هەرچی زووترە ئەو بنکە و سەربازانەی کە ئێستا لە باشوری کوردستاندا هەن دەربکرێن، لە لایەکیتر بەتووندی دژی هەر هێرشێکی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان هەڵوێست وەردەگرین.**

**بۆ بەرپەرچی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە، پێویستە هەموو کوردستانیان یەکدەنگ بەیەکەوە پرۆتستۆی ئەگەری کردەی داگیرکاری تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان بکەن، لەهەمان کاتدا پرۆتستۆی سیاسەتی راسیستانە و رەگەزپەرستانەی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا بکەن.**

**بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێ لە پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە ڕۆژی شەممەدا ڕێپێوان و خۆپیشاندان دەکەن. سەرەتا داوا لە بەشداران دەکەین بەکاتی 13.00 لە ڤێست تۆرڤ Vest Torv کۆببنەوە، پاشان لە 13.30 بەرەو بەردەم شارەوانی کۆپنهاگن غۆدهوس پلاسن Rådhuspladsen دەکەونەڕێ، لەوێ تاکو 16.00 دەمێننەوە و پرۆتستۆی تورکیا و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا دەکەن.**

**داوا لە هەموو کوردستانیان دەکەین لەم ڕۆژەدا بەدەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن و بەشداریی کاریگەرانە بکەن. بەشداریی کاریگەرانە خۆپیشاندانەکە سەرکەوتوو دەکات.**

**بەهیوای بەشداریتانین**

**حزبی شیوعی کوردستان**

**فەی کورد: کۆمەڵەی ڕێکخراوە کوردیەکان لە دانیمارک**

**پارتی یەکێتی دیموکراتەکان**

**ناوەندی چاک**

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

---

# خۆپیشاندانی هۆڵەندا شاری دەنهاخ "لاهای "

**ڕۆژی هەینی** 26-10-2007 **لە شاری لاهای "دەنهاخ" خۆپیشاندانی کوردانە دژ بە لەشکرکێشی**

**سوپای تورکیا بۆسەر کوردستان**

وەك ئـــەرکێکی نیشـــتمانی و مرۆڤایـــەتی , لـــە پێنـــاو داکـــۆکی لـــە ســـەروەرییەکانی کوردســـتان و پاراســـتنی ســـەر و مـــاڵی هاونیشـــتمانیانمان , وەك چـــۆن لـــە ڕابـــردوو ڕەوەنـــدی کـــوردی لـــە هۆڵەنـــدا هەمیشـــە دەستپێشـــخەر بـــووە , ئەمجارەش بێدەنگ نابێت لە ئاست هەڕەشەی ڕژێمی کەمالیستی تورکیا بۆ سەر کوردستان .

بەمشـــێوەیە ئاگـــاداری هـــەموو لایەنـــە سیاســـی و کـــۆڕو کۆمەڵـــە ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتیـــەکان و هاووڵاتییـــە وڵاتپارێزەکـــان دانیشـــتووی وڵاتـــی هۆڵەنـــداو دەوروبـــەر دەکەینـــەوە , ڕۆژی هـــەینی 26-10-2007 خۆپیشـــاندانێکی جـــەماوەری لەبـــەردەم باڵوێزخانـــەی تورکیـــا لەشـــاری دەنهـــاخ ئەنجامـــدەدەین , داخـــوازین هەمووڵایەك بە ئەرکی نیشتمانی خۆتان هەڵبستن و پشکداری تێدا بکەن .

**ڕۆژ : هەینی بەرواری** 26-10-2007

**کاتژمێر :**1,00 **بۆ** 3,00 **پاش نیوەڕۆ**

**شوێن : بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا لە شاری دەنهاخ – هۆڵەندا**

Ambassada van Turkije in Nederland
jan evertstraat 15
2514 BS DEN HAAG

له سه‌نترال ستاسیۆنی ده‌نهاخه‌وه ته‌نها 9 ده‌قه ڕێگایه به پێ .

**بزوتنه‌وه‌ی ڕیفراندۆمی کوردستان – هۆڵه‌ندا**

**ناوه‌ندی کوردی زوته‌رمیر**

**کۆمه‌ڵه‌ی پێشمه‌رگه دێرینه‌کانی کوردستان- کۆمیته‌ی هۆڵه‌ندا**

**تیمی ئازادی** http://azady. nl

**ماڵی کورد له ئارنهێم**

**کۆمه‌ڵه‌ی کورد له دێلفت**

**ناوه‌ندی ڕاگه‌یاندنی کوردی سوریا-هۆڵه‌ندا**

**کۆمه‌ڵه‌ی که‌لتوری کوردی ( نه‌ورۆز)لایدن**

**یه‌کێتی ژنانی کوردستان-هۆڵه‌ندا**

**یانه‌ی کوری میدیا**

**ئه نجومه‌نی گه نجانی میدیا**

**ناوه‌ندی چاك –هۆڵه‌ندا** www.chak.be

chak_org@yahoo.com

s.mahmood@wanadoo.nl

0616455481

0626951120

**تێبینی : ته‌نها ڕێگه به ئالآی کوردستان و وێنه‌ی کۆمه‌ڵکوژی و پۆستکاردی دژ به له‌شکرکێشی بۆسه‌ر کوردستان ده‌درێت به‌رز بکرێته‌وه .**

**هه‌موو لایه‌نێك ده‌توانن به‌شدارییکه‌ن له خۆپیشاندانه‌که , وه‌لێ ڕه‌چاوی تێبینیه‌که‌ی سه‌ره‌وه‌مان بکه‌ن .**